﴿37﴾

دروست کردن و

هیدایەتدانی دروستکراوان

خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرمویت: ﴿فاذكروني اذكركم واشكروا لي ولا تكفرون﴾[1]، شێخی رفاعی لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموویت: یەك پەردە هەیە لەنێوان مرۆڤ و خوای گەورەدا، گەر مرۆڤ ئەو پەردەیە لابەرێت ئەتوانێت پەیوەندی بکات لەگەڵ خوای گەورە، ئەوپەردەیەش پەردەی بێئاگاییە، کەواتە گەر مۆڤ ئەو پەردەی بێئاگاییە لابەرێت و یادی خوای گەورە بکات ئەوا بەپێی حوکمی ئەو ئایەتە (فاذكروني اذكركم) پەیوەندی دەکات بەخوای گەورەوە، خوای گەورە خۆی دەفەرمویت یادم بکەنەوە یادتان دەکەمەوە.

(ژکر) چەند جۆرێکی هەیە: بیرخستنەوەی خەڵکی بۆ دروستکراوەکانی خوای گەورە (ژکر)ێکی بەرزە، هەروەها بیرخستنەوەی خەڵکی بۆ دەسەڵات و توانی پەروەردگار (ژکر)ێگی گەورەیە، باوەڕهێنان یان قەناعەت کردن بەشتێك بەعەقڵ، پاڵ بەمرۆڤەوە نانێت کەژیانی بگۆڕێت بەهۆی ئەو باوەڕهێنانە عەقڵیەوەو پێی دەڵێن باوەڕهێنانی (مجرد).

بەڵام باوەڕهێنان بەخوای گەورە جگە لەقەناعەتە عەقڵیەکە قەناعەتی دڵی لەگەڵدایە کە دەچێتە ناوەڕۆکی دەروونی مرۆڤەوە و کۆنترۆڵی مەڵبەندەکانی ویست دەکات (المراكز الارادية). ئەو کاتە هەموو ساتەکانی ژیان بریتیە لەمۆر کردنی ئەو کردارانەی بەخۆشەویستی خوای گەورە. جا کە بیر دەکەینەوە لەم گەردوونەو لەدروستکراوەکانی خوای گەورە ڕێك و پێکیو یاساو سیستمی خوای گەورەمان بۆ دەردەکەوێت، ئایا خوایەك بەم گەورەییو جوانیو بێکەم و کورییە ئەم گەردوونەی دروست کردووە تۆ بڵێی پرۆگرامێکی نەبێت بۆ ئەم مرۆڤە، ئایا جگە لەوەی خوای گەورە ئەم گەردوون و هەموو دروستکراوانەی دروست کردووەو مرۆڤی

([1]) البقرة / ١٥٢.

بەبەنرخترین دروستكراوەكانی دروستكردووە، ئەشێ ئاوا مرۆڤی بەجێ هێشتبێ بەبێ ئەوەی پرۆگرامێكی بۆ بنێرێ كە پەیوەندی بكات لەگەڵ خوای گەورەدا؟!

ئەو پەیوەندی كردنە پێویستییەكی مرۆڤایەتییە، كێ پەیڕەوی دەكات؟ پێغەمبەران پەیڕەوی دەكەن. ئەوەی لەگەردوون و زیندەوەران بكۆڵێتەوە بەشێوەیەكی زانستییانە، بۆی دەردەكەوێت كە (ڕێكەوت) و (عبپیە) بەهیچ شێوەیەك بناغەی زانستی نیە. خوای گەورە دەفەرموێت ﴿افحسبتم أنما خلقناكم عبثاً و إنكم الینا لاترجعون﴾(٢) واتە، وائەزانن ئاوا بەفیڕۆ ئێوەمان دروستكردووە؟ بەڵكو هەموو دروستكراوێك حیكمەت و مەبەستی خۆی هەیە لەدروستكردنیدا هەندێ توێژینەوەی زانستیو بۆچوونی چەند زانایەك دەخەمە بەر دیدی بەڕێزتان:

لەو توێژینەوانەی كەكراوە دەڵێت، ملیۆنەها ساڵە ئەم زیندەوەرانە هەیە بۆچی نەگۆڕان؟

ئەو گۆڕان كاریو پێشكەوتنەی كەداروین لەكتێبی (اصل الانواع) باسی لێوەكرد (١٢٠ساڵ) لەمەوپێش، هەر لەوكاتەوە رەخنەی لێگیراو ئەمڕۆ بەبابەتێكی زانستی دانانێن، (١٤٠ملیۆن) ساڵە مێش هەیە، بۆ باڵەكانی نەبوون بەسێ باڵ؟ بۆ قاچەكانی زیادی نەكرد؟ بۆ شێوەی نەگۆڕا؟

هەندێ لەزانایان دەڵێن مرۆڤ نیو ملیۆن ساڵە هەیە، هەندێكی كەشیان دەڵێن یەك ملیۆن ساڵە هەیە، ئەو جومگەیەی مرۆڤ كە دۆزراوەتەوە خراوەتە بەر شیكردنەوەو لێكۆڵینەوەوە دەركەوتووە تەمەنی ئەو فۆسفۆرو كاربۆنە دیاری دەكەن كەلە ئێسكی مرۆڤ دا هەیە، جومگەی زۆر كۆنیان دۆزیوەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ نیو ملیۆن ساڵ، ئەو مۆخەی لەسەری ئەو مرۆڤەدا هەبووە هەمان مۆخە لەسەری من و تۆدا هەیە، بۆچی گۆڕانكاری بەسەردا نەهات؟!

كە دەڵێن مرۆڤ لەمەیمونەوە هاتووە، كەچی ملیۆنەها ساڵە مەیمون هەیە بۆچی گۆڕانكاری و پێشكەوتنی بەسەردا نەهاتووە؟

هەموو مەیمونەكانی جیهان بێنە، كەشمبانزی لەهەموویان زیرەكترە، هەر وێنەیەك یان شتێكی پیشان بدەیت پاش ماوەیەك بیری دەچێتەوە ئەگەر دایكی خۆیشی بێت، بۆ ئەمە گۆڕانكاری بەسەردا نەهات؟

پرۆفیسۆرێك لەو بوارەدا لەزانكۆی (هیلسنكی) وانەبێژە، ناوی (بۆرن تیرتن)ە، لەساڵی ١٩٧٢دا كتێبێكی داناوە، ناونیشانەكەی بەعەرەبی (لیس من القردە) كەوەرگێڕراوەتە سەر زمانی عەرەبی، ئەوەی گرنگە لەم كتێبەدا ئەوەیە كە ئەیسەلمێنێ: بەهیچ شێوەیەك مرۆڤ لەمەیمەنەوە نەهاتووە!

زانایەكی تر لەیەكێتی سۆڤیەتی جاران ناوی (ئەلكسەندەر ئوبارین)ە، پاش ٣٧ ساڵ لێكۆڵینەوە، دەڵێت: ڕێی تێ ناچێت كەژیان هەر لەخۆیەوە بەڕێكەوت دروست بووبێت.

زانایەكی فیزیا كە ئێستاش لەژیاندایە ناوی (سێرفرێد)ە لەساڵی ١٩٨١ دا لەكتێبێكی دا دەڵێت: بەهیچ جۆرێك ڕێكەوت بناغەو سەرچاوەیەكی زانستی نیە وەڕێكەوت كاری نیە لەدروست بوونی مرۆڤ دا بەڵكو دەبێت ئەم مرۆڤە هێزێكی بە توانای عاقڵ هێنابێتیە بوونەوە، كاتێك گوێ لەرادیۆیەك دەگرین یان سەیری تەلەفزیۆنێك دەكەین ئەو شەپۆلە رادیۆیانەی كەهاتووە بۆ رادیۆكەو ئەو شەپۆلەی كەلە ئێزگەكەوە هاتووە بۆ تەلەفزیۆنەكە ئێمە نایبینین، تەنها گوێ گرتن لەرادیۆكەو بینینی رەنگەكە لەتەلەفزیۆنەكە ئەیسەلمێنێت كە ئامێرێكی پەخش هەیە لەكاتێكدا ئامێری پەخش و شێوەی پەخشەكەشمان نەبینیوە كەلەئاسماندا دێت، بۆچی باوەڕدەكەین كەئامێری پەخش هەیە تەنها بینینی تەلەفزیۆنەكە كەئیش دەكات و گوێ گرتن لەرادیۆكە دەیسەلمێنێت كە ئامێری پەخش هەیە ئەی بینینی ئەم هەموو دروستكراوانە نایسەلمێنێ كەخوای گەورە هەیە؟

پرۆفیسۆرێك ناوی (كلۆد ئێم هاتاوای)ە لەكتێبی (الله یتجلی فی عصر العلم)دا لەلاپەرە (٩٠)دا دەڵێت: فیزیای نوێ كەپێی دەڵێن مۆدێرن فیزیك، فێری كردم كەسروشت زۆر لەوە لاوازترە كەكاری خۆی ڕێك بخات و كۆنترۆڵی خۆی بكات، بەكارهێنانی ووشەی سروشت و غەریزە ڕاكردنە لە (حقیقەت) چونكە ئەوانە هیچ ڕاڤەكردنی زانستی نین.

---

(٢) المؤمنون / ١١٥.

دەسەڵاتی پەروەدگار بەسەر مرۆڤ و هەموو دروستكراوەكانی‌و گەردوون دا زۆر ئاشكراو ڕوونە، (لگف)ی خوای گەورە لەمن دا لەتۆدا، لەدرەختێك دا، لەمێروولەیەك دا بەبەردەوامی هەیە، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەو پەردەی بێئاگایی‌یە لابەیت و بەدڵێكی پاكەوە بەرەو ڕووی خوای گەورە بڕۆیت، بەچاو ئەم شتانە ئەبینیت.

شتێك هەیە لەناو سنگماندا (٤/١)ی كیلۆیەكە پیێ دەڵێن (دڵ) ئەم دڵە لەتەمەنماندا گەر حەفتا ساڵێك بژین بڕی ئەو خوێنەی كەوا پاڵی پێوە دەنێت بڕی (٢٥٠) هەزار تەنە، ئەو ترپانەی كە دەیكات هەر جارەی ئەوەندە (سم^3) فڕێ دەدات بەبەردەوامی گەر كۆی بكەیتەوە ئەو ماتۆڕەی كە چارەكە كیلۆیەكە (چارەكە ملیۆنێك) تەن خوێن پاڵ پێوە دەنێت لەتەمەنی مرۆڤ دا، ئەمە چ نیعمەت و بەخشندەیی‌یەكە؟ بەچی ئیش دەكات؟! جگە لە (لگف)ی خوای گەورە.

خوای گەورە ئامێرێكی تری پێ بەخشیوین كە گورچیلەیەو كێشەكەی نزیكەی (٩٠غرامە)، ئەو خوێنەی لەشمان ٣٩جار لەشەو ورۆژێكدا پیایدا دەڕوات و دەیپاڵێوێ لەژەهرو یوریاو چەندین شتی بێ كەڵكی تر، و پاكی دەكاتەوە بەبێ بەرامبەر و بڕی ئەو خوێنەی لەشەوو ڕۆژێك دا پیای دەڕوات (٢٠٠ لیترە).

لەسەرمانەوە تاكاكیلەی خوارەوە شریتێك هەیە وەك لاستیك وایە كێشەكەی نزیكەی (١٠٠ گرامە)، لەكاتی قسەكردن و نان خواردندا (٢٠هەزار) جار دەجوڵێتەوە بەخۆشمان نازانین لەڕۆژێكدا، و ئەوەی زۆر قسە بكات و نان بخوات زیاتر دەجوڵێتەوە، خوای گەورە دەفەرمووێت ﴿وفي انفسكم أفلا تبصرون﴾ سەیری خۆتان بكەن باكەمێك (بصیرە)تان هەبێت بەڵكو ئەوە ببێتە هۆیەك بۆ نزیك بوونەوە لەخوای گەورە.

چاو كێشەكەی (٨گرامە) چەوری‌یەكە ئەو وێنانە ئەگوێزێتەوە بە خێرایی (١٠٠٠/٢)ی چركەیەك، كەبەخەبەر دەبیت (١٠٠هەزار) جار ئەم چاوە دەجوڵێت لەڕۆژێك دا، نزیكەی (٢ملیۆن) وێنە دەگوێزێتەوە ڕۆژانە.

ئەو ئامێرەی كەخوای گەورە پێی بەخشیووین لەخوێنماندا پێی دەڵێن (ئامێری پاراستن) چەندەها جۆر خڕۆكەی سپی‌و ئامێری لمفاوی هەیە كەپەلاماری میكرۆب و هەموو زیندەوەرێكی نامۆ دەدات لەلەش دا، كە نەشیتوانی لەناوی بەرێت ئیشارەتێك ئەنێرێت بۆ سپڵ... بۆ جگەر (جگەر ١٢٠ ئیشی هەیە) ئەڵێ فریام بكەون ناتوانم ئەم میكرۆبە لەناو بەرم، جگەریش دێت بەهانایەوەو پلەی گەرمی خوێن بەرز دەكاتەوەو میكرۆبەكە لەناو دەبات.

هەندێ جار ڤایرۆسێك دێتە لەشەوە كەلەمیكرۆب زۆر بچوكترە و زۆر ووردە، مرۆڤێك چەند بچووكە لەچاو هۆڵێكی زۆر گەورەدا، ڤایرۆسیش ئاوهایە لەچاو خانەیەك دا، ئەچێتە ناو ناوكی خانەكەو لەوێوە پرۆگرامی ئەو خانەیە دەگۆڕێت ئەم خانەیە زۆر بێ دەسەلات دەبێت و ناتوانێت لەناوی بەرێت چی دەكات؟ زەنگێك لێئەدات بۆ خانەكانی دەوروبەری بەڕشتنی ماددەیەك واتە: خۆتان فریای خۆتان بكەون وامن فەوتام و لەناو چووم جۆرێكە لەفیداكاری‌و خۆبەخت كردن و ئێمە بێ ئاگاین لێیان، بەڵام زانست ئەمانەی دۆزیوەتەوە.

زۆر شتی تر هەیە كەلێرەدا ماوەنیە باسی بكەین، وەك دەنگی مرۆڤێك لە دەنگی مرۆڤێكی كە ناچێت، خوێنی كەسێك لەیەكێكی تر ناچێت بۆ نموونە لە (التحقیق الجنائی)دا كەتاوانی كوشتنێك لەشوێنێك دا ڕوودەدات ئەو تاوانبارە دڵۆپێك خوێنیش بەجێ بهێڵێ گەر (٦٠) ڕۆژیشی بەسەردا بڕوات هەر دەیدۆزنەوە، (DNA) كەلەناو خوێنی مرۆڤ دایە هی كەسێك لەیەكێكی تر ناچێت.

بۆنی كەسێك لەیەكێكی تر ناچێت، بانكی بۆن هەیە لەلەش دا. لەناو شوققەیەك یان ماڵێك دا تاوانبارێك دێت كەسێك دەخنكێنێ و دەیكوژێ و ڕادەكات، پۆلیس دێت بۆ ئەو شوێنە دەبینێت مرۆڤێكە مردووە، لەلایەوە یەكێك دانیشتووەو قسەی لەگەڵدا كردووەو لەپڕ پەلاماری داوە ئەو شوێنەی كەئەو كەسەی لێ دانیشتووە پەڕۆی پاكژ دەهێنن و دەیخەنە سەر ئەو شوێنە پاشان دەیخەنە ناو زەرفێكەوە و دایئەخەن ئەڵێن بۆنی ئەو كەسەی وەرگرتووە، كەیەكێكیش دەگرن گومانی لێ دەكەن ئەیخەنە ناو (١٩) كەسەوە كە هەموویان پۆلیس و تێكەڵی ١٩ پۆلیسی دەكەن ئینجا سەگێكی پۆلیسی دەهێنن ئەو پەڕۆیەی بۆ دەكەنەوە بۆنی دەكات پاشان سەگەكەش لەناو ١٩ پۆلیسەكەدا بەبۆن دەیدۆزێتەوە گەر دوای چەند ساڵێكیش بێت.

جۆرێك لە قەلەڕەشکە کە جوجکەکانی هەڵدێن پەڕو باڵیان سپییە دایکەکە بەجێیان دێڵێ ئەڵێ: ئەمانە بەچکەی من نین، چونکە خۆیو باوکەکەیان ڕەشن ئەوانیش سپی دەڕوات و بەجێیان دێڵێ، خوای گەورە (لگف)ی وایە وا دەکات لەو جوجکانە دەمیان بکەنەوە، خوای گەورە (مێش)یان بۆ دەنێرێت و ڕێنماییان دەکات کە مێشەکان قوت بدەن تا ماوەیەك مێش و مێشوولە قوت دەدەن و وورده وورده پەڕەکانیان بۆر دەبێت و بەرەو ڕەشی دەچێت پاشان دایکەکە دێتەوەو بەخێویان دەکات.

مشك ئەو چەند مووەی لەدەوروبەری دەمیایەتی (بلاتشبیه)وەکو سمێڵ وایە بیقرتێنەو فرێی بدەرە ئاوەوە ناتوانێت مەلە بکات یەکسەر دەخنکێت، چونکە ئەو سمێڵەی وەکو ئامێرێکی هاوسەنگی وایە. خوای گەورە کەلەقورئان دا دەفەرموویێت ﴿افلا ینظرون الی الأبل کیف خلقت﴾ هەر تەماشای حوشتر بکەن ئەی عەرەبەکان لەلاتانەوەیەو شەوو ڕۆژ دەیبینن جگە لەسیفەتی ئارامی ((وشتر)) کەتیایەتی، ئەو حوشترە لەبیابانێکدا داینێ نزیکترین شوێن کە ئاوی تێدا بێت گەر ١٠٠ میل لێیشی دوور بێت ئەیدۆزێتەوە، کێ پێی ووت؟

تا ئێستا (ملیۆنێك و ٣٠٠ هەزار) جۆر لەزیندەوەران تۆمار کراوە لەلایەن زانایانەوە، و ئەوەی تۆمار نەکراوە مەزندە دەکرێت بە (١٢ – ١٥ملیۆن) جۆرێك نیە لەگەڵ جۆرێکی تردا زاوزێ بکات، سەگی پۆلیسی کەلە سەگ و گورگەوە دروست دەبن یان ئێستر کەلە ئەسپ و گوێ درێژەوە دروست دەبن ئەمانە نەزۆکن واتا پۆلێکی سەربەخۆنین.

هەزاران جۆر مێروو هەیە یەك جۆر خواردن دەخۆن لەیەك شوێندا دەژین کەچی لەگەڵ یەکدا زاووزێ ناکەن. ئەوەی کەمێك زانیاری هەبێت لەسەر زانستی بۆ ماوەییو کرۆمۆسۆم و (الگفره الوراپیه) ڕاستەوخۆ باوەڕ دەهێنێ کەڕێکەوت دەورنابینێ و زانست دژی ڕێکەوتەو هەمووی ڕێکخراوە. ئەم سیفاتە بۆ ماوەییانە دەگوێزرێتەوە بەیاسایەك، بۆچی بێچوی مراوی هەر لەهێلکەکەی دێتە دەرەوە بەرەو ئاوەکە ڕێ دەگرێ و خۆی تێ فرێ دەدات و دەست دەکات بەمەلە کردن؟ ئەی بۆچی جوجکی داڵ و چۆلەکە نازانن مەلە بکەن؟! بۆچی؟ هەموو شتێك یاسا و سیستمی خۆی هەیە.

باڵندەیەك هەیە لەق لەقی پێیدەڵێن لەهەندێ شوێن دوژمنێکی هەیە جۆرە باڵندەیەکە، دێت هێلکەکانی دەشکێنێ ئەم لەقلەقە گەڕاوە گەڕاوە جۆرە رووەکێك هەیە کەئەو باڵندەیە پێی پەست دەبێت، دەچێت ئەو رووەکە دێنێت لەهێلانەکەیدا دایدەنێت، ئیتر ئەو باڵندەیە ناتوانێتنزیکی هێلانەکەی بکەوێت، ئەمەکێ فێری کرد؟ ڕێکەوت فێری کرد؟!

ڕێوی کەهەندێ دڕندەڕاوی دەنێن وەك سەگی ڕاویان تانجی پشت دەبەستێت بەبۆنی جێگە قاچەکانیو شوێنی دەکەوێ، ئەم ڕێوییە زۆرجار ئەچێتە گەل مەڕو بزن لەگەڵ ئەو ڕانەمەڕو بزنەدا دەڕوا پاش ماوەیەك لەوێ دائەبەزێو ئەڕوات، ئەمەکێ فێری کرد؟!

لەناوچە بەستەڵەکەکان دا وورچی سپی هەیە تەنها لوتی ڕەشە زۆرجار لەدوورەوە کە مرۆڤ دەبینێ بۆ ئەوەی نەیبینن دەست ئەخاتە سەر لوتی بۆ ئەوەی لەگەڵ بەفرەکەدا وون ببێت کێ ئەمەی فێر کرد؟ جۆرە قرژاڵێك هەیە قەوزەی ئەو ناوچەیە چ ڕەنگێك بێ دەچێت ئەو قەوزەیە دێنێت دەیخاتە سەرپشتی خۆی و بەدرکەکانی پشتییەوە هەڵی دەواسێت کەی برسی بوو دەیخوات، زاناکان هاتوون بۆ نموونە لەناوچەیەك دا قەوزەی سەوزی تێدایە، ئەم قرژاڵەیان هێناوەتە شوێنێك قەوزەی سوری تێدایە سەیریان کردووە خێرا قەوزە سەوزەکەی فرێ داوەو هی سووری خستۆتە سەرپشتی بۆ ئەوەی نەبینرێ هەمیشە خۆی بشارێتەوە ئەمەکێ فێری کرد؟ ئەمە ڕێکەوتە؟